ئیسرائیل داوا لە هاووڵاتیانی کرد بەزووترین کات وڵاتانی عەرەبی جێبهێڵن

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئیسرائیل و وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل ئامۆژگاریەکانی لە گەشت کردن بە میسر و ئوردن بەرزکردەوە بە ئاستی چوارەم، ئەمەش توندترین ئاگادارکردنەوەیە و هەموو ئیسرائیلییەکان ئامۆژگاریان پێکراوە کە دەستبەجێ بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان.

ئۆژنامەی "جەرزالیم پۆست" بەیانی ڕۆژی شەممە (21ـی تشرینی یەکەمی 2023) بڵاویکردەوە، بەهۆی ناکۆکییە بەردەوامەکانەوە، لەم ڕۆژانەی دواییدا خەپیشاندانەکانی دژ بە ئیسرائیل لە وڵاتانی جەراوجەری جیهاندا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و بەتایبەتی تیشکی خراوەتە سەر وڵاتانی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست